# گۆڤاری ئەکادیمیای کوردی

ژمارە ٦٤ – ٢٠٢٥

گۆڤارێکی زانستیی وەرزییە


سەرۆکی ئەکادیمیای کوردی و خاوەنی ئیمتیازی گۆڤار

حەمەسەعید حەسەن

سەرنووسەر

پ. د. موحسین ئەحمەد عومەر

بەڕێوەبەری نووسین

د. پەخشان فەهمی فەرحۆ

دەستەی نووسەران:

پ. د. قەیس کاکل تۆفیق

پ. د. بەختیار سەجادی

پ. د. فەرهاد قادر کەریم

پ. ی. د. ئەحمەد موحەممەد مام عوسمان

پ. ی. د. عەبدولواحید ئیدریس شەریف

پ. ی. د. نەوزاد ئەحمەد ئەسوەد

د. لەزگین عەبدولڕەحمان ئەحمەد

دەستەی ڕاوێژکاران:

پ. هـ د. میشێل ایزەنبێرگ

پ. د. مارتن ڤان برونسن

پ. د. جەلیلی جەلیل

پ. د. ساڵح ئاکین

پ. د. جەعفەر شێخولئیسلامی

پ. د. عەبدولڕەحمان ئەداک

پ. هـ د. هاشم ئەحمەدزادە



Web: journal.ka.gov.krd

ISSN: 2520- 4106

هەولێر/ شەقامی هەڵەبجە

گۆڤاری ئەکادیمیای کوردی، گۆڤارێکی زانستیی وەرزییە، لەلایەن ئەکادیمیای کوردییەوە دەردەکرێت و بایەخ بە توێژینەوەی کوردی لە بوارەکانی زمان، ئەدەب، دیرۆک، جوگرافیا و کولتووریی کوردی دەدات.
گۆڤارەکە توێژینەوەکان بە زمانەکانی کوردی، عەرەبی و ئینگلیزی بڵاو دەکاتەوە و یەکەم ژمارەی لە ساڵی ٢٠٠٢دا بڵاو بووەتەوە.
ئەم گۆڤارە لەلایەن وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستیی حکوومەتی هەرێمی کوردستانەوە، بۆ بەرزکردنەوەی پلەی زانستی باوەڕپێکراوە.


* ڕێکخەری کاروباری گۆڤار: ئیمان نەجات ئاغۆک
* دیزاین: هەرێم عوسمان
* ماڵپەڕی گۆڤاری ئەکادیمیای کوردی:
Web: journal.ka.gov.krd
* ئیمێل: journal@ka.gov.krd
* مۆبایل: 009647508375575

وەرگرتن:٢٠٢٥/٦/٢
پەسەندکردن:٢٠٢٥/٨/٣

# ڕەنگدانەوەی کچ و دەلالەتەکانی لە حەیرانەکانی (ڕەسول بێزار گەردی)دا

عەلی مستەفا نەجمەدین
بەشی کوردی، کۆلیژی پەروەردە، شەقلاوە.
krd.edu.su@nejmaddin.Ali

ئیسماعیل حمد امین سلێمان
بەشی کوردی، کۆلیژی پەروەردەی، شەقلاوە.
Ismail.sleman@su.edu.krd

پوختە

زمانی حەیرانەکان، زمانی گوندنشینان و کۆچەرییانە، هیچ دەرکەوتەیەکی شارستانی پێوە دیار نییە، واتە هیچ هونەرمەندێکی شارستانی، کە مەقام و قۆریاتیان چڕیوە، ناتوانن وەک حەیرانبێژەکان دوورکەونەوە لە مەبەست و دەربڕینی شارستانی، چونکە ئەوان کەوتوونەتە ژێر کاریگەریی ئەدەبیاتی شارستانی. کچ کارەکتەرێکی کۆمەڵایەتی بەهێزە و پێگەیەکی دیاری لەنێو حەیرانەکاندا هەیە، کچ بەشدارە لە هەموو کارێکی هەرەوەزی لە تەک پیاوەکاندا. لە حەیرانەکاندا دەردەکەوێت، کە کچەتیمە حەیران دەورێکی دروستی گێڕاوە لەسەرگرتنی ئەو پەیمانەی بە کوڕەتیمە حەیرانی داوە. سروشت و هەڵکەوتەی حەیران، شێوەیەکی جوگرافی دیاریکراوی هەیە و تەنها کورد خاوەنی ئەم جۆرە هونەرەیە، ناوچەی قەراج و کەندێناوە شوێنی سەرهەڵدانی هونەری حەیرانە، ئەمەش لەسەرچاوەکان پشتڕاستکراوەتەوە، بەڵام لەهەندێک ناوچەی دیکەی سنووری جوگرافی ناوچەکانی حەیران بە شێوەزاری جیاواز حەیران گووتراوە، کەچی لەنێو دەقەکانیدا کاریگەری شێوەزاری ناوچەی قەراج و کەندێناوەی بەسەردا دەردەکەوێت. لەم توێژینەوەیەدا بە ناونیشانی (ڕەنگدانەوەی کچ و دەلالەتەکانی لە حەیرانەکانی (ڕەسول بێزار گەردی)دا)، میتۆدی وەسفی شیکاری پەیڕەوکراوە، بۆ ئەوەی بتوانین لە ڕێگەیەوە بگەینە کۆمەڵێک گریمانەی جێماو و پرسیاری نەکراوە، وەک: ئایا لە حەیرانەکاندا ڕۆڵی کچ لەنێو کاری هەرەوەزی و شان بە شانی پیاو خراوەتەڕوو؟ چەندان پرسیار و گریمانەی دیکە، کە لە کاتی توێژینەوەدا گەیشتووین بە هەندیک ئەنجام، وەک: کچ کارەکتەرێکی کۆمەڵایەتی

بەهێزە و پێگەیەکی دیاری لەنێو حەیرانەکاندا هەیە، کچ بەشدارە لە هەموو کارێکی هەرەوەزی لە تەک پیاوەکاندا. لە حەیرانەکاندا دەردەکەوێت، کە کچەتیمی حەیران دەورێکی دروستی گێڕاوە لە سەرگرتنی ئەو پەیمانەی بە کوڕەتیمی حەیرانی داوە. پێشینەی هەندێک لەو نووسینانەی لەبارەی حەیرانەوە کراون، دەرچەیەکن بۆ گەیشتن بە هەندێک لایەنی هونەری دەقی حەیران، بەڵام ئامانج و پرسی پەیام لەنێو دەقەکاندا بەهەند هەڵنەگیراوە، ئەم توێژینەوەیەی ئێمە هەوڵێکە لە خستنەڕووی تێکۆشانی ژن لەنێو کایەی کۆمەڵایەتی و کار و کرداردا.

وشەکلیل: فۆلکلۆر،حەیران، دەق، کچ، کوڕ.

## پێشەکی

ئەم توێژینەوەیە هەوڵێکی زانستییە، بە پشت بەستن بە زانیاری و سەرچاوەی پێشینە و ئاگادار بوون لە کارەکانی بەرایی، لەم توێژینەوەیەدا هەوڵدراوە لە پای بەشە تیۆرییەکەی ڕۆڵ و گرنگی و کاریگەری کچ لەنێو دەقەکانی حەیراندا بخەینەڕوو، بۆ ئەم مەبەستەش حەیرانەکانی ڕەسول بێزار گەردی وەک بەشێکی گرنگی پراکتیزە کردن لە توێژینەوەکە بەکارهێنراون. ئامانج لەم توێژینەوەیە ئاشکراکردنی ئەو دەلالەتانەیە کە کچ لەنێو هاوبەشی و پێکەوەییەکانی ژیانی کۆمەڵایەتی و کارکردن و هەموو ئەو خواستانەی هەیبووینە، حەیران وەک ژانرێکی فۆلکلۆر گوزارشت دەکات لە ژیانی شوانییەتی و کشتوکاڵ و هەموو ئەو کار و ڕووداوانەی لە ژیانی کۆمەڵایەتی گوند ڕوویانداوە، توێژینەوەکەمان خستنەڕووی توانا و حەزی کچە لەنێو دەقی حەیراندا، چونکە حەیران بە بانگکردنی کوڕەتیمە، یان کچەتیمە دەست پێدەکات سەرەتا و ناوبەند و کۆتایی هەیە، کە دەبێ سەرواى ئەم سێ خاڵە وەکو یەک وابێت. ئەمە هەوڵێکە بۆ خستنەڕووی گریمانەکانی وەک: ئایا ڕۆڵی کچ لەنێو کار و ڕووداوی ڕابردووی کۆمەڵایەتی کورددا چۆن بووە؟ چۆن لەنێو حەیراندا ڕەنگی داوەتەوە؟ ئایا دەلالەتەکانی کچ و ژنی کورد چین و چۆن لەنێو دەقەکانی ڕەسول بێزار گەردیدا ڕەنگی داوەتەوە؟ لەم توێژینەوەیەدا پشت بەستراوە بە میتۆدی وەسفی شیکاری، کە بەهۆیەوە لایەنی تیۆری حەیران و لایەنی پراکتیکی لە دەقەکاندا بە وردی خراونەتەڕوو. ئەم توێژینەوەیە لە دوو بەشی سەرەکی پێکهاتووە، بەشی یەکەمیان تەرخانکراوە بۆ خستنەڕووی لایەنی تیۆری بابەتەکانی حەیران. بەشی دووەمی توێژینەوەکە تەرخانکراوە بۆ لایەنی پراکتیکی و خستنەڕووی لایەنە دیارەکانی پەیوەست بە توێژینەوەکەمان لە دەقەکانی ڕەسول بێزار گەردیدا. لەکۆتایی توێژینەوەکەدا تەواوی ئەو سەرچاوانەی بەکار هاتوون و سوودیان لێ وەرگیراوە خراونەتەڕوو، لەگەڵ چەند ئەنجامێک.

### پێشینەی توێژینەوە:

لەبارەی ئەدەبیاتی فۆلکلۆری حەیران، چەند هەوڵێک هەن، کە بەشێوەیەکی سەرەکی و تایبەت لە بارەی حەیرانیان نووسیوە، ئەگەرچی دەکرا بەشێوەیەکی بڕشتر و تیۆرییانە لەبارەی ئەم ژانرە فۆلکلۆرییەوە بنووسرێت، بەڵام بەشێوەیەکی گشتی لە ناوەندی ئەکادیمیشدا حەیران کەمی لەبارەوە نووسراوە، ئەوەی تێبینی بکرێت تەنها یەک تێزی ماستەر هەیە، کە لە خوارەوە ئاماژەی پێ دەکرێت. (بنیاتی هونەری حەیران ٢٠١٢، چاپی یەکەم)، لە نووسینی ئەحمەد قەندیل، ئەم توێژینەوەیە (تێزێکی ماستەرە، لە زانکۆی سەلاحەددین- کۆلێژی

پەروەردە، ٢٠١١). دواتر کراوە بە کتێب، خۆی لە سێ بەشی سەرەکی دەبینێتەوە، لە بەشی یەکەمدا باسی لەلایەنی (تیۆری چەمک و پێناسە و جۆر و شێوازەکانی حەیران و پەیوەندی حەیران و زانستە مرۆڤایەتییەکان) کردووە. لە بەشی دووەمدا (حەیران لەڕووی ڕوخسارەوە، حەیران لەڕووی کێش و سەرواوە، زمانی حەیران، مەبەستەکانی حەیران)ی خستۆتەڕوو. لە بەشی سێیەمدا ئاماژەی خستۆتە سەر (وەسف و شوێن و کات و ڕووداو و گێرانەوە لە حەیراندا)، لە کاتێکدا دەبوایە توێژەر ئاماژەی بە لایەنی پراکتیکی توێژینەوەکە دابایە، یاخود چەند حەیرانبێژێکی بە نموونە وەرگرتبایە.

کتێبی (حەیران و چەند بۆچوونێکی تر ٢٠١٠، چاپی یەکەم)، جەمیل سنجاوی ئامادەی کردووە، ئـەم کتێبەش هـاوشـێـوەی کتێبەکەی غـەفـوور مـەخـمـووری بـاس لـە مێژوو و لایـەنـە تیۆری و هونەرییەکانی حەیران دەکات، بەبێ ئەوەی پرسی پەیامی حەیران، کە کارەکتەری سەرەکی لەنێویدا کوڕەتیمە حەیران و کچەتیمە حەیرانن بخاتە بەر سەرنج و لێ بتوێژێتەوە.

کتێبی (هەگبەی مەخمووری ٢٠٢٠، چاپی دووە)، لە نووسینی غەفوور مەخمووری،بە شێوەیەکی تیۆری و پراکتیکی باسی حەیرانی کردووە، ئەم نووسینەی غەفوور مەخمووری، لەڕووی تیۆری و مێژووییەوە بۆتە بنچینەیەکی گرنگ بۆ هونەر و ژانری حەیران، لەگەڵ ئەوەشدا لەڕووی ناوەڕۆک و پەیامی تێکستەکانی حەیران و فەرهەنگی حەیرانەوە هێشتان هەژارە و پێویستی بە توێژینەوەی زیاترە، چونکە حەیرانەکانی حەمەد بەگ، کە بەشی پراکتیکی نووسینەکە پێکدەهێنێت، پڕە لە پەیام و دیرۆکی کۆمەڵایەتی و سیاسی، کە پێویستی بە پشکنینی زیاتر هەیە.

کتێبی (کۆژانی حەیران ٢٠٢٣، چاپی یەکەم)، عومەر حاجی عەلی شەناغەیی ئامادەی کردووە، ئەم کتێبە لە دوو بەش پێکهاتووە، بەشی یەکەمی تەرخانکردووە بۆ پێناسە و لێکدانەوەی لایەنەکانی حـەیـران، بـەڵام زۆر خـێـرا بـەسـەر باسـەکـانـدا ڕۆیشـتـووە، لە کاتێکدا ئـەم بۆچوونانەی باسی کردوون، پێویستی بە لێکدانەوەی زیاترن بە پشت بەستن بە لایەنە زانستی و لەپێشینەکان، هەروەها لـە هیچ تـەوەرێکیـشـدا بـەشـێـوەیـەکی پراکتیکی ڕوونکردنەوەی هونەری و تەکنیکی هیچ دەقێکی حەیرانی نەکردووە. لەکاتێکدا پێویستبوو لەسەر هەر تێکستێکی حەیراندا لەسەر زمانی دەق و ڕۆڵی کارەکتەرەکان لە چوارچێوەی تەکنیک و پەیامدا ڕوون بکاتەوە. بەشی دووەمی تەرخانکردووە بۆ هەموو ئەو دەقانەی کە خۆی ئامادەی کردوون و ناوی لێناون دەقەکانی حەیران.

دەردەکـەوێـت ژانـری حـەیـران وەک بابەتێکی فۆلکلۆری کەمترین ڕاو سەرنجی تیۆری و هونەری لەبارەیەوە گوتراوە، ئەو هەوڵانەی کە هەن زۆربەی لە چوارچێوەی کۆکردنەوەی دەقەکان و دەرخستنی نـاوی حـەیـرانبێژەکان بـووە، لەکاتێکدا لانـی کەم دەبووایە ڕۆڵی جیاوازی کۆمەڵایەتی و مێژووی نێو دەقەکان ڕوون بکرێنەوە و بەشێوەیەکی هونەری لێی بتوێژرێتەوە. دەرکـەوت هیچ توێژینەوەیەک لە بارەی ڕۆڵە جیاوازەکانی کارەکتەری کچ لەنێو دەقی حەیراندا ئەنجامنەدراوە، ئەوە توێژینەوەیەی بـەردەسـت بـە یـەکـەمـین تـوێـژینـەوە دادەنـرێـت لەبارەی دەلالەتەکانی کچ لە حەیراندا، بەنموونەی حەیرانەکانی ڕەسول بێزار گەردی.

(ڕەنگدانەوەی کچ و دەلالەتەکانی لە حەیرانەکانی (ڕەسـول بـێـزار گـەردی)دا)، کـە نـاونـیشـانـی توێژینەوەکەمانە، بەم فۆرمە و میتۆدەوە هیچ شتێک

لەڕابردوودا لە بارەی کچ و دەلالەتییەکانییەوە لەنێو دەقی حەیرانەکانی ڕەسول بێزار گەردی نەنووسراوە. لە پێشینەی ئەم توێژینەوەیەدا تیشک خراوەتە سەر چەند هەوڵێکی سەرەکی کە باسییان لە ژانری حەیران کردووە.

## ١ – ناساندنی چەمکی حەیران

### ١-١ دەروازەیەکی تیۆری حەیران:

فۆلکلۆر، بریتییە لەو بەرهەمە خۆرسک و خۆماڵییەی، کە لەنێو ماڵی هەر یەکێک لە مرۆڤەکانی سەر ئەم زەوییەدا هەبووە. بۆیە بۆ هەر نەتەوەیەک دەبێتە ناسنامەیەکی گرنگ و پێیەوە دەناسرێتەوە. واتە هەموو میللەتانی سەر زەوی خاوەنی ڕەسەنایەتی و کەلەپووری خۆیانن، فۆلکلۆر (ئەو کەلەپوورە ڕەنگاورەنگەیە لە ناو باری ژیانی ڕاستەقینەی میللەتە چەوساوەکانی ئەم جیهانەی ئێمەی تیدا ژیاوین هەڵقولاوە، ڕووداوی ژیانی ڕۆژانەیان بووە...) (عەزیز١٩٨٩: ٣٠)، ژیانی مرۆڤ وەک پرۆسەیەکی تاقیکاری بووە بۆ دروستبوون و سەرهەڵدانی بابەت و کەرەستە فۆلکلۆری و کەلەپوورییەکان.

لە بواری ئەدەبی و هونەریشدا، بابەتی جۆراوجۆری هونەری و ئەدەبی فۆلکلۆری بەرهەم هاتوون، وەک چێرنشێفسکی دەڵێ: (هۆنراوەی گەل و گۆرانییەکانی، ژیان و مێژوو و ڕەسم و عادەتی خەڵکی پاراستووە) (ڕەسوول٢٠١٠: ١٢)، کەواتە فۆلکلۆر بە تەواوی بەرهەمە هونەری و پیشەییەکانییەوە بۆ میللەتەکەی مایەی شانازی و ڕێزە.

حەیران، کە بابەتێکی ئەدەبی و هونەرییە، سەر بە خانەی فۆلکلۆرە، واتە بەرهەمی خۆماڵی و بیری زەحمەتی و کۆچەرییەکان و گوندنشینەکانە، (حەیران لە وەسفکردنێکی عاتیفییانەی حەیرانبێژێک زیاتر بۆ جوانی ئافرەت و سروشتی گوند، هیچی تر نییە، حەیران پەساپۆرتی پەڕینەوەی بۆ ناو دەردە کۆمەڵایەتی و ئینسانییەکانی ناو شار پێ نییە، هیچ حەیرانبێژێک نەهاتووە تەعبیر لە ئینسانی ناو شار بکا، نەیتوانیوە پەی بە دەردی ژیانی مەدەنی و گرفتارییەکانی ئینسانی ناو شار ببا) (پیربال٢٠١٠: ١٧٦)، حەیران بەرهەمی گوندنشینییە و ئاهەنگ و ئاوازیشی ناسک و دڵگیرترە، چونکە کەوتۆتە ژێر کاریگەری سروشتی پاک و بێگەردەوە، هیچ لایەکی لە شارستانیەت نەکردۆتەوە، کە هەموو دیمەنەکانی شارستانییەت لە قۆریات و مەقامدا دەردەکەوێت، ئەمیش لە ژێر کاریگەری جەنجاڵی و ئاو و هەوای هەڵچووی شارەوە لە ژێ و قورگی دەنگ بێژەوە دەرچووە.

### ١-٢ جیاوازی حەیران و قۆریات لە گۆتن و مەڵبەندی دروستبوونیدا:

جیاوازی حەیران و قۆریات لە سروشت و هەڵکەوتەی باری گوندنشینی و شارستانیەتەوەیە، (... حاجی پووشۆ گوتی: حەیران هونەرێکی بە تەواوەتی گوندییە، پێکەنی، گوتی بێگومان، بۆ سەلماندنی ئەم ڕاستییە ئەوەیە هیچ مەقامزانێکی شارستان بە هیچ شێوەیەک ناتوانێ حەیران خۆش بڵێ... قەت گوێت لێ بووە عەلی مەردان حەیران بڵێ؟... مشکۆ... مشکۆی خۆمان، یان حەیدەرە کەچەڵ هەرگیز توانیویانە حەیرانێک بڵێن؟) (پیربال٢٠١٠: ١٧٧)، کەواتە حەیران بەرهەمی نشینانی گوندییە و لە گەروو و قورگێکی ئارام دەرچووە، بەڵام قۆریات بەرهەمی بیری شارستانییە، (... قۆریات هونەرێکی شارستانییە، مەقامیش... قۆریات و مەقام لە مەرگەساتەکانی ئینسانی شارستانەوە

هەڵقوڵاون، لە قورگی ئینسانی شارنشینەوە دێنە دەر...) (پیربال ٢٠١٠: ١٧٨)، لەمەوە دەردەکەویت، کە حەیران تایبەتمەندی خۆی هەیە و گرنگی تەواوی لە گوندەوە دەردەکەویت، زۆربەی فۆلکلۆرناسانی کورد، حەیران و تایبەتمەندییەکانی دەگەڕیننەوە بۆ چەند ناوچەیەکی دیاری کراو و تایبەتمەندی دیاری کراو.

## ٣-١ شوێنی سەرهەڵدانی حەیران:

هەموو بۆچوونەکان لەسەر ئەو رایەن، کە حەیران چ وەک دەق، یان وەک هونەر خۆماڵییە و کورد خاوەنی ئەم گەنجینەیەیە، هیچ نەتەوەیەکی تر ئەم هونەرەی نییە، کە دەبینین بەیت، یان بەستە، یان بالۆرە.. لە هەموو نەتەوەکانیتردا هەنە، بەڵام حەیران هونەر و ئەدەبێکی کوردییە، لە نێو کوردیشدا تایبەتە بە دەشتی قەراج و کەندیناوەی، (لە زووەوە پێم وابووە مەڵبەندی سەرهەڵدان دەشتی هەولێر و قەراج و کەندیناوەیە و لەویوە پەلی بۆ ناوچەکانی تری کوردستان هاویشتووە، بەڵگەش بۆ ئەمە ئەوەیە زۆربەی حەیرانبێژەکان خەڵکی ئەم ناوچەیەن و ناوی ئەو شوێن و ناوچانەی نێو حەیرانەکانیان هەمووی هی ئەم دەشتە پان و بەرینەیە و کەم حەیران بێژ هەیە ناوی قەراج و کەندیناوە و هەولێر نەهێنیت، بێجگە لەمە کاتێک حەیرانبێژ دەست بە گوتنی حەیرانەکەی دەکات لە قەراج و مەخموور هەڵدەستێ و بۆ هەر کوێیەک بڕوا هەر دەگەڕێتەوە ئەو ناوچەیە) (مەخمووری١٩٩٦: ١٠٨)، ئەم بۆچوونە لەسەر شوێنی هەڵکەوتن و پەیدابوونی حەیران لەلای زۆربەی نووسەرانی فۆلکلۆر، بەتایبەتی حەیران، یەکلایی کراوەتەوە و لەسەری کۆکن، ئەوەتە عەزیز شارۆخی هونەرمەندی کورد دەڵێت: (کە حەیران لە ناوچەی قەراج و کەندیناوە سەری هەڵداوە و گەیشتۆتە مەهاباد، لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا، وە (حەسەن حەیران) کە حەیران بێژێکی دەشتی قەراجە، بەلایەوە مامۆستای حەیرانە) (حەیران١٩٨٤: ٩٨)، حەیران ڕەسەنایەتییەکی گرنگی بۆ نەتەوەکەمان دروستکردووە بەوەی، کە هیچ نەتەوەیەکی تر ئەم پێکهاتە هونەری و ئەدەبییەی نییە، لەمەشدا هەولێر، بەتایبەتی قەراج و کەندیناوە بوونەتە مەڵبەندی ناو و دەنگی حەیران.

## ٤-١ پێناسەی حەیران:

بۆ ناسینی حەیران دەگەڕێینەوە بۆ رای چەند فۆلکلۆر ناسێک، کە باس و پێناسەی حەیرانیان کردووە، ئەگەر چی تا توێژینەوە و بەدواداچوون زیتر بێت، تێڕوانین و ناساندنی بابەتە ئەدەبی و کۆمەڵایەتییەکان گۆڕانکارییان بەسەردادێت. ئێمەش بە پشت بەستن بەم چەند پێناسەیە دەگەینە ئەوەی حەیران بەم چەشنە بناسین.

وشەی (حەیران وەک دانەیەکی فەرهەنگی واتای سەرگەردان، بەلاگێڕ، سەرسوڕماو دەگەینێت، جگە لەوەش واتای جۆرە مەقامێکی کوردی دەبەخشێت کە لەسەر مەقامی بەیات دەگوترێت) (مەخمووری٢٠١٧: ١٥). ئەم پێناسەیە پەیوەندییەکی ناراستەوخۆ لەنێوان وشەی فەرهەنگی و ناوی هونەرەکە دروستدەکات، بەهۆی ئەو واتا فەرهەنگییەی کە لە ڕۆڵی کارەکتەرەکانی نێو دەقی حەیراندا ڕەنگدەداتەوە.

وشەی(حەیران بۆ ئەم بابەتە شیعرە بەکار ئەهێنرێ، کە بە شێوەی کرمانجی خواروو (سۆرانی) هەڵئەبەسترێ، وە زیاتر لە ناوچەکانی هەولێر و کۆیە و ڕەواندز و مەهاباد و سنە، بە تایبەتی لەناو خێڵەکاندا باوە) (خەزنەدار١٩٦٢: ٣٨).

ئەم پێناسەیە ئاماژەی نەداوە بەسەرچاوەی وشەی حەیران، حەیران دەقێکی هونەرییە و بەر لەم پێناسەیە هەبووە لەکاتێکدا هەموو دەێکی ئەدەبی ناوێکی هەیە.

(حەیران پارچە پەخشانێکی پاراو و ناسکە و بە زمانێکی سادەی خۆمانە نووسراوە و دەشێ (پەخشانە شیعری) پێ بگوترێ و دەستوور و ئاکاری تایبەتی خۆی هەیە) (جوتیار١٩٧٧: ٤١). نووسەر لە باسکردنی حەیراندا، بەتەواوی یەکلایی نەبۆتەوە ئایا دەقی حەیران، پەخشانە یاخود شیعر- پەخشانە شیعر، کە پێی وایە حەیران دەستوور ئاکاری تایبەتی هەیە، ئەم ڕایەش نزیکمان دەکاتەوە لەوەی کە حەیران دەقێکی شیعری بێت، نەک پەخشان.

وشەی (حەیران لەناو دەقی حەیراندا لۆ هەردوو ڕەگەز بەکاردێ، واتە کیژ و کوڕ، یان نێر و مێ، وشەی حەیران پارێزەری نهێنی ناسنامەی هەردوو خۆشەویستە، واتە ناو ناتورەی ناوزراندنی تیدا نییە، واتە کوڕەکە دەرێ کچەتیمە حەیران، یان کیژێ حەیران، یان حەیرانەکەی من، کیژیش دەرێ کوڕەتیمە حەیران یان کوڕەتیمە لاوە) (عەلی شەناغەیی٢٠٢٣، ٩)، ئەم پێناسەیە باس لە پێکهاتەی تەکنیکی و هونەری حەیران ناکات، بەڵکو تیشک دەخاتە سەر گرنگی کۆمەڵایەتیبوونی دەقی حەیران، کە پارێزگاری لە کەسایەتی و کارەکتەری ناو دەقەکە دەکات، وەک کچەتیمە حەیران و کوڕەتیمە حەیران.

### ١-٥ حەیران لە ڕووی ناوەڕۆکەوە:

لە ڕووی ناوەڕۆکەوە حەیران بۆ چەند جۆرێک دابەش دەبێت، وەک ئەمانە:

- ناوەڕۆکی دڵداری.
- ناوەڕۆکی نیشتمان پەروەری.
- ناوەڕۆکی کۆمەڵایەتی.
- ناوەڕۆکی ئاینی.
- ناوەڕۆکی شینگێڕی و لاواندنەوە.

### ١-٦ جۆرەکانی حەیران لە ڕووی ئاوازەوە:

- ئاوازی سەرچیایی: ئەو جۆرە حەیرانەیە کە حەیرانبێژ سەرەتاکەی بە دەنگێکی بەرز هەڵدەدا و تا کۆتایی، واتە دوا بەندی حەیرانەکە هەڵدانە و ناپسێتەوە.

- ئاوازی مەجلیسی: ئەم جۆرە حەیرانە بە هەوایەکی بەرز دەگوترێت، لەم دۆخەدا دەبێت چینەکانی دەنگی حەیرانبێژەکە بەهێزبن و بە دەنگێکی بەرز حەیرانەکە هەڵبدات (مەخمووری١٩٩٦: ١٠١).

بۆ ئەم مەبەستە، دابەشکردنی حەیران لە بازنەی ئاوازەوە، ئاهەنگ و لەرینەوەی مۆسیقی جیاواز دەردەکەوێت، ئەمەش لە کاتێکدایە، کە خوێندنەوە بۆ ناوچە جیاوازەکانی حەیران دەکرێت.

### ١-٧ کچ لە ناو دەقی حەیراندا:

کچ لە ناو دەقی حەیراندا، کە ئامانجی خوێندنەوەمانە لە کۆ حەیرانەکانی (دارە شەکران) ی خارە (ڕەسول بێزار گەردی)، پێگەیەکی بەرچاوی هەیە و لە زۆر ڕووەوە دەوری کچ لەنێو دەقەکانی حەیراندا دەرکەوتووە، ئەمەش ئامادەیی کچە لە پێگە کۆمەڵایەتی و هاوتاکانی پیاودا، هەر بۆیەش لەنێو دەقەکاندا بە حەیران ناودەبرێت و دەبێتە دەستپێکی چوونە ناو باسەکەوە، ژن لە کۆمەڵگەی کوردیدا، وەک پیاو توانای هونەری هەبووە و بەشداری لە گۆتندا کردووە، بۆیە کاتێک ژن بانگ دەکاتە کوڕەی، وەک کوڕ بۆ کچە، ئەویش بە حەیران دەستپێدەکات، واتە لەو دەشتی

هەولێرەی ژنی حەیرانبێژمان هەبووە و گازی کورەتیمە حەیرانی کردییە، ئەحمەد حەیران ناوی چەند حەیران بێژێکمان بۆ دیاری دەکات: (حەیشێ عەبدوڵڵا سنجاوی لە گوندی عاڵلا، حەلیم بادینی لە گوندی قەپران، ئامینە کوڵەندە لە گوندی باقرتی قەراج، زولێخا محەمەد سالح لە گوندی خەزنەی کەندیناوە، عەیشێ رەحمان میکایل لە هەولێر خێزانی عوسمان حەیرانە، زبێد عەباس لە گوندی شۆرە زەرتکە...) (سنجاوی٢٠١٠: ٦١)، یەکێکی تر لە حەیرانبێژە ژنەکان، کە ئێستاش لە ژیان ماوە و لە شارۆچکەی عەنکاوە، پارێزگای هەولێر دەژیت ژنێکی مەسیحییە و دەنگی تۆمارکراویشی هەیە، ناوی(بەسێ بویە شەعبا)یە(عیسی، ٢٠٢٤، چاوپێکەوتن)، ئەو حەیرانانەی کە لەسەر زمانی ژنان گوترانە، ئاورێکی وەهایان لێ نەدراوەتەوە، کە پێویست بوو، وەک حەیرانبێژە پیاوەکان رۆڵیان گرنگیان پیدرابایە و لە ناوەندی هونەری کوردی باشتر دەرکەوتبان.

## ٢ – رەنگدانەوەی کچ لە حەیرانەکانی (رەسول بێزار گەردی)دا:

حەیران بەرهەمێکی راستەقینەی دەشتی قەراج و کەندیناوەی شاری هەولێرە، ئەم بەرهەمە ئەدەبی و هونەرییە بۆ نەتەوەی کورد بۆتە مایەی شانازی و ناسنامەیەکی راستەقینە، چونکە وەک گوترایە هیچ نەتەوە و میللەتێکی تر جگە لە میللەتی کورد خاوەنی ئەدەب و هونەری حەیران نییە، ئەمەش مایەی خۆشحاڵییە، چونکە ئەمە نیشانەی زیندوویی زمان و هۆشیاری میللەتەکەیە، دواجار بۆ دەوڵەمەندی زمانەکەش دەگەڕێتەوە.

حەیرانەکانی (رەسول بێزار گەردی)، لەرووی هونەرییەوە دەوڵەمەدن و چێژی هونەری ئەدەبی تایبەت بە خوێنەر یان گوێگر دەبەخشێت، لەپاڵ ئەمەشدا کچ کە بابەتی سەرەکی توێژینەوەکەمانە رۆڵی دیاری لە دەقەکاندا دەردەکەوێت، سروشتی کۆمەڵگەی کوردی وایە، ژن زۆر ئازایانە و لێهاتووانە تێیدا هەڵدەکەوێت، کە لە هەموو کارێکدا هاوکاری پیاوە، جا پیاو باوک بێت یان برا یان هاوسەرەکەی بێت، بەڵام لە کاری هەرەوەزیدا بەشدار دەبێت و هێزێکی مەعنەویش بە دەوروبەر دەبەخشێت، لەپاڵ کاری هەرەوەزی و یارمەتی پیاوان لە دەرەوە، کاری ناوماڵیش وەک خواردن ئامادەکردن و منداڵ بەخێوکردنیشی لەسەر شان بووە.

هەرکاتێک کچەتیمە حەیران عاشقی کوڕێک بوو‌بێت، زۆر بە پارێز و وریاییەوە هەرێی بە کورەتیمە داوە، لەگەڵ ئەم عاشق بوونەش زۆرجار پارێزگاری لە رەسەنایەتی و شکۆی خێزانەکەی خۆی کردووە، نەبادە بەهۆی ئەوەوە ناو و ناوبانگیان لەکەدار ببێت.

لەم کارەی بەردەستمان، کە خوێندنەوەیەکی وەسفیی شیکارییە، هەوڵدەدەین لە تەواوی حەیرانەکانی ناو کتێبی دارە شەکرانی رەسول بێزار گەردی، ئەو لایەنانە دیاری بکەین، کە لەسەر کچ و پەیوەندییەکانی رەنگ دەداتەوە، ئەمەش دەبێتە هۆکاری بەهێزبوونی زمانی دەقی حەیران و بنیاتی ناوەرۆکێکی هونەری.

### ٢-١ وەسفی کچەتیمە حەیران:

وەسف لایەنێکی بەهێزە لە ناو حەیرانەکاندا، وەک چۆن لە ئەدەبیاتەکانی تری وەک شیعر و رۆمان و چیرۆک... لایەنێکی هونەری بەهێزە، لە ئەدەبی فۆلکلۆریشدا بەهەمان شێوە وەک لایەنێکی هونەری بەهێز دەور دەبینێت. لەم حەیرانانەی رەسول بێزار گەردیدا وەسفی کچەتیمە حەیران

زەق کراوەتەوە، زۆرینەی وەسفەکان وەسفی ڕاستەوخۆن و کاریگەری ئارام و جوان دەخەنە سەر دەروونی گوێگر و خوێنەر. لە حەیرانی ژمارە (٢٦)دا دەڵێت:

حەز لێ کردن هەنگینێ خۆشە
لەبن چیغ و ڕەشماران
وەکی کوڕ دادەنێ خەتێ سمێران
کیژیش دادەنێ بنێ جۆتە مەمکان

لەم دەقەدا حەیران بێژ وەسفێکی جێندەری کردییە، هەڕەتی لاوێنی کچ و کوڕی دیاری کردووە، کە دیارترین و هەستیارترین قۆناغە بۆ حەزی سێکسی و دروستبوونی خۆشەویستی. لە حەیرانی ژمارە (٣١)دا دەڵێت:

لە سیلەی ڕەزی
بن سێبەری دار شەنگەبیان
سەر کانی بێترمەی
بەژنەکی برند و دوو چاوی بەرەک و سەرەکی بە تاس
دانیشتیە بە پەنجەی بە خەنە
لانکی دەژینی

لەم حەیرانەدا وەسفی بەژن و باڵا و دوو چاوی یار و سەری دەکات، تاسی خستۆتە سەری، کە جۆرێکی جوانکاری و خانومانی کچی کوردی پێ دیاری دەکرا، دەستی بەخەنە، جۆرێک بووە لە وەسفە جوانەکانی نێو ئەدەبیاتی فۆلکلۆری کوردی. لە حەیرانی ژمارە (٤٥)دا دەڵێت:

دەوەرن زەینێ خۆ بدەنەوە
بەژنەکی برند و زەندەکی بە بازن، قامکەکی بە ئەنگوستیلە
تازە لە بن کراسەکی مەرەز کتان
بناغەی جۆتە شەمامە و شەمامان دادەنێ
گەلەک شیرین ڕادەکێشی جوانە مانیی سەرجوانی، پێشی باری

حەیرانبێژ وەسفێکی ڕاستەوخۆی کچەی کردییە، ئەم وەسفە لە زمانی کوڕەتیمە حەیرانەوەیە، تەنانەت وەسفی ئەو دیمەنەش دەکات، کە کچەتیمە حەیران بەو هەموو جوانی باڵایەوە، چۆن سەری جوانییە مایینێ ڕادەکێشیت. لە حەیرانی ژمارە (٥١) دا دەڵێت:

گەلی برادەرینە
بریا ئەمن هەموو سبیانان
بباماید باجگری ماچان
لە بەرایێ کۆمەری دارکەران
سەر لە سبیانێ
لە چارە ڕەشی تۆماریان
لە خەزێم شۆڕی بەحرکەییان
لە لفکە شۆڕی کۆییان
لە تاس بەسەری هەولێریان
لەگەردن کێلی ڕواندزیان
لەسەر بە هیزاری دزەییان
لە پلپلە شۆڕی خۆشناوان
ناوەڵلا لە کیژۆرە سیانان
لە بەرایی کۆچ و کۆچباری
لە تەنگانەی کاولە جاسەنێ

لەم حەیرانەدا، جۆرێک وەسف دەردەکەوێت، کە جیاوازە لە جۆرەکانی تر، لەم دەقەدا وەسفی کچەتیمە حەیرانێ بە پێی ناوچە جیاوازەکان دەرکەوتووە، تەماشا بکەین، هەموو ئەو ناوچانەی گرتۆتەوە، کە حەیرانی تێدا گوتراوە و کاریگەریی تێدا دەرکەوتووە، واتە هەر ناوچەیە و تایبەتمەندی و کەرەستەی جیاوازی تایبەت بەخۆی هەبووە بۆ ناسینەوە و جوانی و دەرکەوتنی ژن لە کوردەواریدا. لە حەیرانی ژمارە (٥٢)دا دەڵێت:

کراسی وانم دارکەژۆکن

گوارەی وانم زێڕن پێنج گۆنە
زێدە لە هەموو عاشیرەتان، گۆریە چەلینە
شاییەک دەگەڕێ
لەبەر دیوانێ ئەسمەرێ
بە پەنجەیێ بە خەنە
قامکێ بە ئەنگوستیلە
قاوەی دەگێڕی، بەوێ فنجانێ

لەم حەیرانەدا، وەسفێکی ڕاستەوخۆی کچ دەکات لە دیوەخان و لە ساتی خزمەتکردنی میوان و قاوە گێڕاندا، ئەمەش هونەرکارییەکی وردە، کە بۆ کارزانی حەیرانبێژ دەگەڕێتەوە.

## ٢-٢ لێکچواندنی کچەتیمە حەیران:

لێکچواندن هونەرێکی ڕەوانبێژییە، گرنگە لەنێو دەقی ئەدەبیدا، وەک بنەمایەکی گرنگ تەماشا دەکرێت، چونکە لە بنیاتی وێنەی شیعریدا دەورێکی سەرەکی و جۆراوجۆر دەبینێت. لە حەیرانەکانی ڕەسول بێزار گەردیدا، چواندن وەک ڕەگەزێکی هونەری بەرچاو دەکەوێت، ئەوەی جێگای سەرنج و تێرامانە ئەوەیە، کە هیچ شتێک بە کچەتیمە حەیرانێ نەچوێندرایە، بەڵکو لە هەموو شوێنەکان کچەتیمە حەیران بە شتەکانی تری وەک (مامز، پۆڕ، دارکنێر، گورە نیسان...) چوێندرایە. (لێکچواندن بریتییە لە چواندنی شتێک بە شتیکی دیکەوە، لەبەر هەبوونی سیفەتێک، یان زیاتر لە سیفەتێکی هاوبەش لەنێوان هەردوو شتدا) (مستەفا٢٠١١، ١١٨) لە حەیرانی ژمارە(٨٨)دا دەڵێت:

براینە حەیرانەکەی خۆم دەشوبێنم
بە جوانە ماینەکەی عەلیەل حەسەنی
وەکی فەسلی بەهاران، وەلەکە عارەب تەوریان دەدایێ
گیر نەدەبوو بە چ سندم و زنجیران
دەیبڕییەوە بریاری کاولە مەفتەنی

حەیرانبێژ لە ئەدای گازکردنە حەیرانێ، ڕووی قسان دەکاتە دۆست و برادەران، پێیان دەڵێت: ئەمن یارێکم هەیە شوبهاندیتم بە جوانە ماینێ، هەڵبەتە لەم چواندنەی بیرت دەکەوێتە سەر کچێکی ناسک و تازە پێگەیشتوو، واتە لەنێوان هەژدە تا بیست ساڵی دابێت. لەم جوانە ماینەدا کۆمەڵێک دیمەنی دیکەشت بۆ دەردەکەوێت، واتە خورتە و بە ئاسانی دەستەمۆ نابێت. لە حەیرانی ژمارە (١٠٢)دا دەڵێت:

گەلی برادەرینە
ئەمن سینگ و مەمکی ئەو چاوڕەشەی دەشوبێنم
بە دوکانی مەرجانان، ئەوەندەی ماملەتی لێدەکەم، چ جواباں نادا

| | |
|---|---|
| سینگ و مەمک: | لەوچووە |
| دوکانی مەرجانان: | لێی چووە |
| چ جواباں نادا: | ڕووی لێکچوونە |

لە حەیرانی ژمارە (٧)دا دەڵێت:

گەلی برادەرینە،
ئەمن حەیرانی خۆم دەشوبێنم
بە خەجیجی ڕەحمانی، جەواهێرێ ئەحمەد بارینان
ئەسمەرێ کابایزی، خانزادی سۆران
وەکی سەردەمەکی
حوکمی دەگێڕا لە بنە بنەی هەریرێ

حەیران بێژ ڕووی قسانی لە برادەرانە، پێیان دەڵێت، یارەکەی من زۆر جوان و بەتوانایە، لەم توانا و جوانییەی کە هەیتی چوواندیتی بە کۆمەڵێک کەسایەتی ژنی کوردی، کە سەردەمانێک خانومان و ناو و دەنگی سەردەمەکەیان بووینە. لە حەیرانی ژمارە (١١)دا دەڵێت:

گەلی دۆست و برادەرینە
ئەمن بەژنی باریک دەشوبێنم بە نەمامە سێوەکانی

وەک شین دەبیتەوە
ئەوەلی بەهاران لەبەری بێریێ
بەژن باریک: لەوچووە
نەمامە سێو: لێی چووە
شلک و بەرز: ڕووی لێکچوونە
لە حەیرانی ژمارە (٢٩)دا دەڵێت:
گەلی برا و برادەرینە
شەپۆری خۆی دەداوە لە عاویە و عاویان
کلکەیی گوێری گردی کوشافی
دەبا سینگ و مەمکێ ئەو زاڵم بابەی
لەبۆ من بمینێ، بەو جۆتە گومەتی سوڵتان عەولای خۆمان
فەسڵی بەهاران دەچمەوە تەوافی

حەیران بێژ لەم دەقەدا وێکچوواندنێکی واتایی لەنێوان دوو شتی بەرجەستە دروستکردووە، ئەمەش هونەرکارییەکی جوانی نێو کایەی ئەدەبییە، بەتایبەتی لە بەرهەمی ئەدەبی فۆلکلۆریدا.

سینگ و مەمک: لەوچووە
جۆتە گومەتی سوڵتان عەولای: لێی چووە
تەواف: ڕووی لێکچوونە

لە ناو حەیرانەکانی ڕەسول بێزار گەردی ڕێژەیەکی زۆر لە هونەری چوواندن بەرچاو دەکەوێت، بەڵام کەم وایە ڕووی لێکچوون هاتبێت، لە هیچ شوێنێکی هونەری چوواندندا ئەوزار دەرنەکەوتووە، کە کەرەسەیەکی لاوەکی هونەری چوواندنە لە ئەدەبی ڕەوانبێژیدا.

## ٢-٣ ڕووی کوڕەتیمە لە کچەتیمە حەیرانێ:

لە ئەدەبیاتی فۆلکلۆری کوردیدا، بە تایبەتی حەیران، کاتێک ئەدەبەکە لەسەر زاری کوڕە دەگۆترێت، ئەوا سەری قسان دەکەویتە دەست کوڕەتیمەی، بەڵام لە ناوەوەی دەقەکاندا، لایەنی تری وەک دەمەتەقێ و ڕووی قسەکردنی کچەتیمە حەیران... دەردەکەوێت. لە حەیرانی ژمارە(١)دا دەڵێت:

حەیران ئەتو ئەوڕۆکە سبیانێ
سەری خۆتم لەبۆ بزندکە گەردەنت گەلەک زەردە
خار بێنە دەرێ
دواتر دەڵێت:
لە زاری کۆرانێ
دەگەیمە حەیرانەکەی خۆم دەمگۆت
دەتو بینە دەستی چۆپە داوێمە سەر ملی بەکەزی
دەگرم جۆتە شەمامە و شەمامەی خڕی خەیلانی
هەر وەکی بەرێ
ئەتو ئەو سارەکە سەری چەندان سارانە
سینگ و مەمکی تو لۆ من پاوان بوو
هەموو دەمێ کیژە کۆچەری
گەردن مامزی، جوانی پشدەری

لە حەیرانەکاندا نموونەی لەم چەشنە دەردەکەوێت، کە ڕووی کوڕەیە لە کچە و پیێدا هەڵدەدات، ئەمەش سۆزدارییەکەی لە سنوور بەدەری کوڕەتیمە حەیران پیشان دەدات بۆ دۆستەکەی، لە زۆربەی وێنەکاندا داواکاری ماچ و دەست بردن بۆ ناو مەمکان و بۆنکردنی گەردەن..... بابەتێکی تری ڕووی کوڕەکەیە، لەلایەکی تریشەوە کوڕە داوای هاوسەرگیری و لێک گرێدانیان دەکات، وە لە هەندێک لە وێنەکان هەرێ و بەڵێنەکانی خۆی بۆ کچەتیمە حەیرانێ دووپات دەکاتەوە.

## ٢-٤ ڕووی کچەتیمە لە کوڕەتیمە حەیرانێ:

ئەگەرچی حەیرانەکان هەموویان لەسەر زمانی کوڕە گۆتراون، دەستپێکی گۆتنەکان لەدەست کوڕە بووە، بەڵام کە دەچینە ناوەوەی دەقی حەیرانەکان، دەبینین لە زۆر شوێنان کچەتیمە حەیران ڕووی

قسانی لـە کـوڕەیـە، ئـەمـەش دەگـەڕێـتـەوە بۆ سەرکەوتوویی هونەری حەیران و کارزانانەی حەیرانبێژەکە. لە حەیرانی ژمارە (٥٠)دا دەڵێت:

ئەوڕۆ هێواری
دەگەیمە جوانی ناوماران
دەیگوت: کوڕەتیمە حەیران
ئەتو ئەوشەوە لە سێباری نیوە شەوێ
وەرەوە بن چیغ و ڕەشماری
ماچکە خەت و خاری گەردەنێ
بگرە جۆتە شەمامە و شەمامان
پێشی بەیانییان
بە پارێز بڕۆ هەروەکی دزان

کچەتیمە حەیران ڕووی داوای لە کوڕەتیمەیە و دەڵێت: دیسان وەرەوە ژوانێ، بن چیخ و ڕەشماڵێ، (وەرەوە) دەلالـەتـی ئـەوە دەدات کـە پێشتریش لەهەمان شوێن ژوان و ڕامووسانیان هەبووە، ئەگەر بیگوتبایە (وەرە)، ئەو (وە)یەی دووبارەکردنەوەیەی پێوە نەلکاوە، دەلالـەت بوو لە یەکەمین ژوان و دیداری کچەتیمە و کوڕەتیمە حەیران، هەڵبەتە لەناو ڕەوەندییان جێژوانی زۆربەی کوڕ و کچەکان لە ناو ڕەشماڵ و بن چیخان بووە. لە حەیرانی ژمارە (١٠٩)دا دەڵێت:

حەیران کیژ دەرێ: لاوە گولەکەی مێردان
دونێ هێواری، ئەمن لەسەر تو ئەنگافتن
دارەکی دەداوە لە زەندێ بە بازن
لە قامکێ بە ئەنگوستیلە
قەمزە و قەرەپۆشی
لە سەری منی خانە وێرانێ هەرافتن

کچەتیمە لە قالبی وەسف لەسەر خۆیدا ڕازی دەروونـی خـۆی بـۆ کـوڕەتیمە حـەیرانـێ دەرێژێت، پێی دەڵێت کەچی بەسەر هاتووە لەسەر ئەو. ئەمە ئاگادارییەکە لە کچەوە بۆ کوڕەکە نەبادا خیانەتی لێبکات و پشتی تێبکات. لە حەیرانی ژمارە (٥٥)دا دەڵێت:

حەیرانەکەی من دەیگۆت کوڕەتیمە لاوە
بەسم جۆتە شەمامە و شەمامی باغەوان بگوییـنە
دەستە خوشکانم دەزانن دەستیان لێ مەدە

کچەتیمە لە ژوانی کوڕەیە و داوای لێ دەکات، کە زۆر دەست لە مەمکانی نەگێڕیت و نەیانشێلێت، نەبادا دەستە خوشکانی بزانن، ئەمەش جۆرێکە لە مەکر و نازی کچان لەگەڵ کوڕە دۆستەکانیان.

### ٢-٥ دەمەتەقێی نێوان کوڕەتیمە و کچەتیمە حەیرانێ:

دەمەتەقێ جۆرێکی ترە لەناو حەیرانەکاندا بەرچاو دەکەوێت، ئەم دیمەنە لەناو دەقی ئەدەبی نووسراو و فۆلکلۆردا دەور و گرنگی خۆی هەیە، چونکە دەبێتە هـۆی جوانکاری و دروستبوونی زمانی جیاوازی ئەدەبی. لە حەیرانەکاندا شتێک نابینیتەوە لـەوەی، کە ئایا قسەی کوڕەکە زاڵە بەسەر کچەکەوە، یان بە پێچەوانەوە کچەکە بەسەر کوڕەکەوە. بەڵکو دەمەتەقێیەکی ئاسایی و گەیاندنی زانیاری و دووبارەکردنەوەی هەرێیە. لە حەیرانی ژمارە (٣٨)دا دەڵێت:

حەیران کیژۆرە جوانێ
ئەمن ئەوڕۆکە سبیانێ
دەچمەوە شارەکەی پیرە هەولێرێ
نازانم چت لەبۆ هەرگرم لەسەر دوکانێ؟
کیژ دەرێ کوڕەتیمە لاوە
ئەتو کەوییەکم لەبۆ بینە
بەری لە سۆرە گورێ
پشتی لە ڕەشە ڕەیحانێ
خەناوکەش لەبیرنەکەی لەگەر قەنەفر و مەرجانێ

دەمەتەقێی نێوان کچ و کوڕە بەشێکی دیاری

ناو هەندێک لە حەیرانەکانە، گومانی تێدا نییە جاران کاتێک کوڕ دەچووە شاری، دەبوایە دیاری بۆ دۆستەکەی بێنێت، لەم دەقەدا کوڕەتیمە پرسی پێدەکات و هەر شتێکی کە حەزی لێبێت بۆی بێنیت، کچەش وەڵامی دەداوە و کە چی خواست ئەوی بۆ بکاتە دیاری. واتە دەمەتەقێیەکە لە چوارچێوەی تەبایی و خۆشەویستییدایە. لە حەیرانی ژمارە (٦٣) دا دەڵێت:

دەگەییمە حەیرانەکەی خۆم
دەمگوت دەتو بینە دەست باوێمە
سەر ملی بە کەزی
ماچ کەم چەرخی ڕوومەتێ
بەقسەی بەدکاران مەکە
بوختانیان زۆرە
گەلی برا و برادەرینە
حەیرانەکەی من دەرێ
کوڕەتیمە لاوە
دەزانم لۆ کنەمن هاتی
ئەمن هەتا رۆژی مردنێ
بە شەرت و پەیمان هەر گراوی تومە
یەکدی ماچ دەکەین
نۆرە بە نۆرە

لەم حەیرانەدا دیمەنی دەمەتەقێیەکمان بۆ باس دەکات، کە زەمەنێکی ڕابردووی هەیە، کورەتیمە حەیران بۆ برا و برادەرانی دەگێرێتەوە. ناوەڕۆکی ئەم دەمەتەقێیە لە جێژوانێبووە، باس و خواسی ماچ و دەست لە باخەڵ گێران بووە. لە حەیرانی ژمارە (٩١)دا دەڵێت:

حەیران کیژۆرە گوری
ئەتو ئەوسارەکە هاوینێ
سەبرەکم لێ بگرە هەتا جۆخین هەردەگیرێ
دەچمەوە شارەکەی قۆچە موسرێ
تفەنگی سەر ملیت لۆ دەفرۆشم
دەیدەم بە مەرجان، خەریتە بە قەنەفرێ
کیژ دەرێ: کوڕەتیمە حەیران
ئەتو هەنگینێ تفەنگی سەر ملی لەبۆ من بفرۆشی
وەکی ئەمن بمرم مەیتم ڕاببری
هەمووم بە دارەبازەی وەبکرێ

ئەم دەمەتەقێیەی لەم دەقەدا بەرچاو دەکەوێت، کەسایەتی کورەتیم و کچەتیمە حەیران لەسەر پاراستنی ڕەسەنایەتی کلتووری کوردی پیشان دەدات، وەک کچە ڕازی نییە، کە هیچ کات کەرەستەی جوامێری و جەنگ بفرۆشێت و بیدات بە کەرەستەی جوانی و ڕازاندنەوە.

ئەم دەمەتەقێیە بە شێوەیەکی ئامادە و ڕووبەڕوو لە حەیرانەکە دەردەکەوێت، واتە زەمەنەکە لە دۆخی ئێستا دایە.

## ٦-٢ کار و هەرەوەزی کچەتیمە حەیران:

لە دابونەریتی کۆمەڵایەتی و کۆمەڵی کوردیدا، کاری هەرەوەزی کلتورێکی جوان و بەرچاوی نێو کۆمەڵگەی کوردی بووە، لەم کلتوورەدا ژن و کچی کوردیش دەورێکی باڵا و کاریگەرییان هەبووە، زۆرجاری وا هەبووە ژن و کچی ئەم کۆمەڵگەیە کار و پیشەی پیاوانیشیان ڕاپەڕاندووە. لە ئەدەب و هونەری حەیراندا باس لەو دەوری ژن و کچی کوردی کراوە، لە حەیرانی ژمارە (١٢)دا دەڵێت:

حەیران لە شینکان لە شینکی هەڵگۆزێ
گەلی برادەرینە
ئەنگۆ وەرن ئەورۆ سبیانێ
بە چاوێ من برۆنە بەژنەکی باریکەلانە
دەستی دایتەوە کۆتکەکی دارکنێر لە دەشتی کاولە قەراجی
گەلەک جوان دەکوتیتەوە کۆتان و کۆزی

ئەمە نموونەیەکی جوان و بەرچاوە لەنێو حەیراندا، کە دەوری ژن و کچی کورد لە کاری هاوبەشی لەگەڵ پیاودا دەیانکەن، ئەگەرنا ئەم کارەی کە کچەتیمە دەیکات، وەک لە دەقەکەدا هاتووە، پێویستی بە هێزی بازوو هەبووە، ئەم هێز و توانایەش زیاتر لەلای پیاو کۆبوویەتەوە.

## ٢-٧ کچ وەک پێناو لە حەیراندا:

ئەوەی پەیوەندی نێوان دوو دڵان تێکبدات و لێکیان بکات، پێی دەڵێن (بەکرۆک، زی)، واتە بەدکار، خرپەکار، ئەوەی نێوان دوو دڵان خۆش دەکات و لێناگەرێت بەینیان تێکبچێت پێی دەڵێن (پێناو)، واتە خۆکردنە قوربانی بۆ خۆشی دوو دڵی خۆشەویست و عاشق.

لە حەیرانەکانی رەسول بێزار گەردیدا، کچی پێناو دەورێکی باش و کاریگەری هەبووە بۆ خستنەروو و گواستنەوەی هەواڵ و سەلامی کچەتیم و کورەتیمە حەیران. پێناو هۆکارێکی گرنگی گەیاندن بووە لەم بوارەدا، کە دەکاتە نامە و تەلەفۆن و مۆبایلی ئێستا، لە حەیرانی ژمارە (١٣) دا دەڵێت:

دەگەیمە پێناوی دەمگۆت: دەوەرە دەستی منت دامەنێ

لەبۆم برێ بە بەژنەکی برند و دوو چاوێ بەرەک

گەردەنەکی بە خەناوکە، هەتا ئەوێ رۆژێ پێکدەبریێن

دەبا جۆتە شەمامە و شەمامەی رۆستەم بەگی

لە بن کراسی وابێ

لە بۆ من بە دیاری هەرگرێ

لەم دەقەدا دەوری پێناو گەیاندنی هەواڵ و داوای کورەیە بۆ کچە، کە پێی بڵێت خۆی نەگۆڕیت، چونکە من هەر بە هیویێ ویمە، نەکا مەمک و شەمامان بداتە دەست کورێکی تر. لە حەیرانی ژمارە (٢١)دا دەڵێت:

ئەمن ئەورۆکە چاوم بە پێناوێ دەکەت

دەمگۆت: دەتو وەرە دەستی منت دامێن بێ

ئەتو ئەورۆکە لەبۆم برێ

بە بەژنەکی برند و دوو چاوی رەشکۆکە

سبەی دانی هێوارێ

لەبۆم بێتەوە جێی راوگەی ژوانی جاران

هەموو خەرکی گوندێمە

لۆخۆیان پێکبران

با ئەمەش دانیشین بکەین تەکبیرێ

پێناو دەوری خێری هەیە، تا قسەی دڵی کورەتیمەی بگەینێتە کچەتیمە حەیرانێ، بۆ ئەوەی ئەوانیش وەکی خەڵکی گوندەکەیان تەکبیری هاوسەرگیری و پێکەوەبوونیان بکەن و لەسەر شتەکان رێک بکەون. لە حەیرانی ژمارە (١١٣)دا دەڵێت:

لە کانیێ بەر ماران دەگەییمە پێناوێ

دەمگۆت: چاوێ مەحبوبەکەی بەر ماران، لەخۆرا رەشن

دەیگۆت: نا، کلی لە شاران

لە چاوی خۆی دەکاتەوە بارگرانی

لەم دەقەدا دەمەتەقێیەک بە دی دەکرێت، بەڵام جیاواز لەو دەمەتەقێیەی لە بەرایی باسمان کرد، ئەمەیان لەنێوان کورەتیمە حەیران و پێناوییە، بەڵام باس هەر باسی کچەتیمە حەیرانییە، واتە کچەتیمە حەیران ئامادەیی نییە لەم دانیشتن و قسە گۆڕینەوەیەدا.

## ٢-٨ گلەیی کردنی کچەتیم و کورەتیمە حەیران:

ئەم دیاردەیە لە حەیرانەکانی رەسول بێزار

گـەردی بـەرچـاو دەکـەوێـت، ئـەمـەش دیمەنێکی ئاساییە، چونکە هەتا کوڕ و کچە چاویان لە یەکتر بێت، ئەوا هەمیشە بە چاوی چاودێر و ترسەوە چاو دەخەنە سەر یەکتر، لەم بارەشدا کۆمەڵێک گلەیی و گازاندە دروست دەبێت، تەنانەت دەگاتە ئەوەی، کە لایەک بێوەفایی لەگەڵ بکات و بۆ لایێکی تر وەرچەرخێ. لە حەیرانی ژمارە (٤٨)دا دەڵێت:

دەگەیمە حەیرانەکەی خۆم، دەیگۆت: کوڕەتیمە حەیران

ئەمن زانیتم ئەتو ئەوسارەکە بەهارێ
جۆتە یارانت لە سەر من گرتینە
خۆ من دەمگۆت: ڕاستە بەڵان درت چ نەکا
شەوێ زستانان گەلەک دوور و درێژە
یەکت لۆ دەکەم بە کۆیلە
ئەویدیش بە لانک ژینە

لەم دەقەدا ڕووی گلەیی و گازاندەی کچەتیمە حەیرانێیە لە کوڕەی، کە لە پاڵ ئەوی دوو دۆستی تریشی گرتینە، بەڵام کوڕەتیمە حەیران وەڵامی ڕاستی دەداتـەوە، پێی وایە هـەردوو یارەکەی بۆ خزمەتی ئەو و منداڵەکانی گرتینە. لە حەیرانی ژمارە (٨٥)دا دەڵێت:

حەیران ئەورۆ هێواری
لە دوم هەناردی لۆچی نەهاتی؟
ئەورۆ سەری سێ ڕۆژانە
زانیتم بازن و خرخارت لە کن وەستا شەریفی زێڕینگرە
جلکی بووکینیت لەسەر خەیاتی
ئەتو ئەوسار سەری چەند ساران بوو
دۆست و گراوێی من بووی
ئەوسارەکە پایزێ
بە قسەی بەدکاران لەگەر من خاین دەرهاتی

ئەم دەقە ڕووی گلەیی و گازاندەی کوڕەتیمە حەیرانێیە لۆ کچەتیمە حەیرانێ، ئەم دەقە ئاماژەیەکی زیندووە لە بوونی ئەو دیاردەیە، کە دوای بەڵێن و هەرێ بەیەکتر دان، دوایی خاین و بێوەفا دەربچێت.

## ٢-٩ بەڵێنی کچەتیم و کوڕەتیمە حەیران لە ناو دەقەکاندا:

ئەم دەقانەی بەردەستمان کۆمەڵێک دیمەنی بەڵێندان و هەرێ بردنە سەری تێدا دەردەکەوێت، جا ئەم بەڵێن و هەرێ پێدانە چ لەلای کچەکەوە بێت، چ لەلای کوڕەکەوە بێت، ئەوە ئاداب و ڕەوشتێکی بەرزی کۆمەڵگەی کوردییە، بەتایبەتی کۆمەڵگەی گوندنشین و کۆچەرییـان، هەڵبەتە دەقەکانی حەیرانیش بەرهەمی بیر و چالاکییە جۆراوجۆرەکانی نێو کۆمەڵی گوندنشین و کۆچەرییانە. لە حەیرانی ژمارە (٢٧)دا دەڵێت:

گەلی دۆستینە ئەمن ئەورۆ سبیانێ لە جێێ ژوانێ
دەگەیمە چاو ڕەشەکەی ناوماران
دەمگۆت: دەتو وەرە ماچ کەم
چەرخی ڕومەتێ، گەردەنێ بە خەناوکە
ئەمن پاشی تو ناکەم نەزەرێ
بروام پێبکە، هەتا هەتایێ

لەم حەیرانەدا کوڕەتیمە حەیران ڕوو دەکاتە کچەتیمە حەیرانێ، ئەگەر ئەو ڕازی بێت ماچ بکاتن چەرخی ڕوومەتێ، ئەویش هەرێی دەداتێ هەتا دنیای دنیایە خیانەتی لێ نەکات و تەماشای هیچ کچی تر نەکات. لە حەیرانی ژمارە (٧٤)دا دەڵێت:

گەلی خزمینە
بەژنی باریکەلانە جوابان دەنێری دەرێ:
کوڕەتیمە حەیران ئەتو چیدی خەمان مەخۆ
ئەوسارەکە بوارێ بابم ڕازیکە
داکم چ پێگۆتنی پێ ناوێ

کچەتیمە حەیران ڕووی بەڵێنی بە پێناوێ بۆ

کوڕەتیمە حەیرانی دووپات دەکاتەوە، پێی دەڵێت: کە هیچ دڵ لە دڵ نەدات و ئەو هەر لەسەر پەیمان و هەرێی خۆیەتی، هەمیشە لە ناو کۆچەری و گوندیان کچ خاوەنی هەڵوێستی خاسانەی خۆیان بووینە، ئەمە گوزارشتە لە پێگەی ڕەوشتی کۆمەڵایەتی و هێزی ئەویندارانەی ژن و کچی کوردی کۆچەری و گوندییان.

## ئەنجام

زمانی حەیرانەکان، زمانی نشینانی گوند و کۆچەرییانە، هیچ دەرکەوتەیەکی شارستانی پێوە دیار نییە، واتە هیچ هونەرمەندێکی شارستانی کە مەقام و قۆریاتیان چڕیوە، ناتوانن حەیران بڵێن، چونکە ئەوان کەوتوونەتە ژێر کاریگەری ئەدەبیاتی شارستانی. کچ کارەکتەرێکی کۆمەڵایەتی بەهێزە و پێگەیەکی دیاری لەنێو حەیرانەکاندا هەیە، کچ بەشدارە لە هەموو کارێکی هەرەوەزی لە تەک پیاوەکاندا. لە حەیرانەکاندا دەردەکەوێت، کە کچەتیمە حەیران دەورێکی دروستی گێڕاوە لە سەرگرتنی ئەو پەیمانەی بە کوڕەتیمە حەیرانی داوە. حەیرانەکان تۆپۆگرافیایەکی ستونی تەواوی هەیە، لە کورت و ناوەند و درێژ پێکدێت، مۆسیقا و زمانی شیعریشی هەیە. دایک لە حەیرانەکاندا هەردوو ڕۆلی هاوکار و چاودێری بینیوە بەسەر کچەکەیەوە.

## سەرچاوەکان

– پیربال، فەرهاد (٢٠١٠)، مێژووی گۆرانی و مۆسیقای کوردی، چاپی یەکەم، بڵاوکراوەی دەزگای ئاراس_ ژمارە ٩٤٩، هەولێر.

– جوتیار، خالید (١٩٧٧)، کورتە سەرەتایەک، حەیران، گۆڤار: ڕۆشنبیری نوێ، ژمارە: ٦٣.

– حەیران، ئەحمەد (١٩٨٤)، ئاشناییەک لەگەڵ لاوک و حەیراندا، گۆڤار: کاروان، ژمارە:٢١، ئەمیندارێتی گشتی ڕۆشنبیری و لاوان، هەولێر.

– خەزنەدار، مەعروف (١٩٦٢)، کێش و قافیە لە شیعری کوردیدا، مطبعە الوفاء، بغداد.

– ڕەسوول، مستەفا، عیزەددین (٢٠١٠)، لێکۆڵینەوەی ئەدەبی فۆلکلۆری کوردی، چاپی سێیەم، بڵاوکراوەی دەزگای ئاراس_ ژمارە ٩٧٤، هەولێر.

– مستەفا، عەبدوڵڵا، ئیدریس (٢٠١١)، لایەنە ڕەوانبێژییەکان لە شیعری کلاسیکی کوردیدا- بەنموونەی حەمدی و حاجی قادری کۆیی، بڵاوکراوەی ئەکادیمیای کوردی، چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر.

– سنجاوی، جەمیل (٢٠١٠)، حەیران و چەند بۆچوونێکی تر، چاپی یەکەم، چاپخانەی منارە، هەولێر.

– عیسی، سلێوە، هاوژین٢٠٢٤، چاوپێکەوتن، ٤/٢٥، چوارشەممە، کۆیە.

– عەزیز، ئیبراهیم، عومەر(١٩٨٩)، لەنێو فۆلکلۆری داب و نەریتی کوردەواریدا، گۆڤار: بەیان، ژمارە: ١٥٧.

– عەلی شەناغەیی. حاجی. عومەر٢٠٢٣، کۆژانی حەیران، بەرگی دووەم، چاپی یەکەم، چاپخانەی کوردستان، هەولێر.

– گەردی، ڕەسول، سەفین (٢٠٠٧)، دارە شەکران_ حەیران و گۆرانییە بڵاونەکراوەکانی ڕەسول گەردی، چ١، بەڕێوەبەرایەتی چاپخانەی ڕۆشنبیری، هەولێر.

– مەخمووری، غەفور (١٩٩٦)، حەیران، چەمک_ ناوەڕۆک_ سەرهەڵدان، گۆڤار: ڕامان، ژمارە:٥، هەولێر.

– مەخمووری، غەفور (١٩٩٦)، حەیران، چەمک_ ناوەرۆک_ سەرهەڵدان، گۆڤار: ڕامان،ژمارە: ٤، هەولێر.
– مخموری، غـفـور(٢٠١٧)، ترجمة: كمال غمبار، الحيران مفهوما و مضموما و ظهورا، مطبعة (روزهلات)، هەولێر.

## الملخص

لا تنتمي الحەيرانات إلى فضاء مديني أو سياق حضري، إذ إنها تعد من النتاجات الشفاهية التي تبلورت ضمن بيئة رعوية وقروية بحتة. ولذلك، فإن أي فنان أو مثقف ينتمي إلى الوسط المديني، وإن امتلك أدوات التعبير الفني، يعجز عن الإحاطة بجوهر هذا الفن أو إعادة إنتاجه بما يحافظ على بنيته الدلالية والأدبية الأصيلة، ذلك لأن الحەيران تشكلت ضمن أطر ثقافية وفكرية تتأثر إلى حد كبير بالأدب الشعبي ذي الجذور الريفية.

تجسد "الفتاة" في هذا النمط من النصوص الشفاهية شخصية فاعلة ومؤثرة داخل البنية الاجتماعية التي يصورها الحـەيران، إذ تشارك في مختلف الأنشطة اليومية والاقتصادية جنبا إلى جنب مع الرجل، دون أن تُختزل في أدوار نمطية أو تقليدية. ومن خلال تمعننا في نماذج مختارة من حەيرانات رسول بێزار گەردی، تتبدى لنا صورة الفتاة كقطب دلالي ومحوري داخل النص؛ فهي لا تشكّل مجرد طرف في علاقة وجدانية، بل تتحول إلى مركز للصراع الرمزي والاجتماعي، يعاد من خلاله إنتاج مفاهيم الشرف، والوفاء، والانتماء.

إن فن الـحـەيـران يتميز بخصوصية جغرافية واضحة، وهو من الفنون الشفاهية التي ينفرد بها المجتمع الكردي. وتعد منطقتا قراج وكندناوه من أهم الحواضن التاريخية لهذا الفن، كما تـؤكّد على ذلك جملة من المصادر الفولكلورية. غير أن ثمة مناطق أخرى ضمن النطاق الجغرافي الكردي قد احتضنت هذا الفن، وظهرت فيه بصيغ لغوية وأسلوبية مختلفة، وإن ظلّ التأثير المركزي لمنطقة قەراج وكەندێناوە حاضرا بوضوح في تلك النصوص.

ترتكز هذه الدراسة على المنهج الوصفي التحليلي، في محاولة للكشف عن تمثلات الفتاة داخل الحەيرانات من حيث الوظيفة الرمزية والـدور الاجتماعي، وذلك بالإجابة عن مجموعة من الإشكالات الرئيسة، أبرزها: هل تؤدي الفتاة دورا بنيويا متكافئا مع الرجل داخل النص الحەيراني؟ وهل يمكن الحديث عن تمثيل مغاير للأنثى في هذا الفضاء الأدبي مقارنة بالتمثيل السائد في باقي الأنماط الفولكلورية؟

وقد أسفرت نتائج البحث عن جملة من الاستنتاجات، من بينها: أن الفتاة في الحەيرانات لا تقدم بوصفها كائنا هامشيا أو خاضعا، بل تمنح تمثيلا قويا يكرس دورها في النسق الاجتماعي والرمزي على حد سـواء. ويبدو ذلك جليا في مشاركتها الفاعلة في شؤون الحياة اليومية، فضلا عن حضورها المحوري في تشكيل البنية السردية والدلالية للنص.

أما الدراسات السابقة التي تناولت فن الحەيران، فقد انصب معظمها على الجوانب الجمالية والبلاغية دون أن تولي العناية الكافية للأبعاد السوسيولوجية والنوعية داخل النصوص. وعليه، فإن هذه الدراسة تعد محاولة لإعادة قراءة الحەيرانات بوصفها وثائق ثقافية حاملة لبنى اجتماعية، تكشف عن صراع النوع الاجتماعي وتعيد تموضع المرأة ضمن سياقاتها الرمزية والمعرفية.

الكلمات المفتاحية: الفولكلور الكردي، الحەيران، التمثيل الأنثوي، النص الشفاهي، الأدب الشعبي.

Abstract

The Hayranat are not part of a city; they are instead examples of an oral tradition that started in a rural and pastoral setting. So, any artist or intellectual from a city, even if they have the right artistic skills, would have a hard time fully understanding or putting this genre in a new context without changing its basic structure and literary character. This is because Hayranat has grown up in cultural and intellectual frameworks that have been heavily influenced by rural folklore literature. In these oral texts, the "woman" is a strong and important social figure who does all the things that men do in everyday life and business, without being limited to traditional or stereotypical roles. When you look at specific examples of Rasul Bezar Gardi's Hayranat, you can see that the woman is not just a passive character in a romance story; she is the center of symbolic and social tensions. She is a key link in the process of changing values like loyalty, honor, and belonging.

Hayran is a unique form of oral literature that is only found among the Kurdish people. It is known for its regional specialization. Folklore sources agree that the Qaraj and Kendenawe regions were the historical centers of this art. This art can also be found in different Kurdish areas, but it has a lot of different styles and languages. However, the main influence of Qaraj and Kendenawe is still clear in these regional forms. This study uses both descriptive and analytical methods to show how women are portrayed in Hayranat, focusing on their symbolic roles and roles in society. The main question it wants to answer is: Does the woman in Hayranat have the same structural role as the man in the story? Can we talk about how women are shown differently in this genre compared to other types of folklore?

The study›s results show that the woman in Hayranat is not shown as marginal or subordinate. Instead, she is given a strong portrayal that shows how important she is in the texts› social and symbolic contexts. This is especially clear because she is actively involved in the community›s daily life and plays a key role in building the text›s story and symbolic structur .Most of the time, previous research on Hayranat has focused on the texts› aesthetic and rhetorical elements, ignoring their socio-economic and gendered aspects. This study gives a new meaning to Hayranat as cultural artifacts that explain how society works, with a focus on gender dynamics and a new definition of women›s roles within their symbolic and cognitive frameworks.

Keywords: Kurdish folklore, Hayranat, female representation, oral narrative, folk literature.